# سەبارەت بە ئەورووپای کۆن

نووسینی ئازاد کەریمی



هەشت ساڵە لە ئەوروپا ئەژیم و بێجگە لە نۆرویژ کە لێی دەژیم هەشت وڵاتی ئەوروپاییم بینیوە.

ئەوروپا کەشوەرێکی جیاوازە، لەبەر ئەوەی ژیانی ڕۆژاوایی لە ئەمریکا و کەنەدا و ئۆستراليا و نیوزیلەند بەرهەمی کۆچبار بوونی ئەوروپاییەکان بووە بۆ ئەو کەشوەرانەی دیکە وا ناوم هێنان.

ئەوروپا بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی نامۆ نیە. ئێمە سەرەتا یۆنانمان ناسی، پاشان ڕۆما و دواتر فەرەنگ.

با ئەوەتان پێبڵێم بنچینەی فەرهەنگی ئەوروپا لە سەرچاوەکانی ڕووبارەکانی تیران(دجلە) و پەرتاوە( فرات) و ئەرەخشە(ئاراز)وەیە. واتە کولتوری خاتی.

خاتی یان خاسی بەواتای خاچ دێ واتە چوارخاڵ یا سەلیب .

نەخشی چوارخاڵ یان خاچ لە شارستانیەتە دێرینەکانی سومەری، قەفقازی، سێلتی و هندی دا بە میرات ماونەتەوە .

عەرەبەکانی حجاز دوای ئەوەی کەوتنە کڕوکاشی جەنگی بە وشەی خاتی یان ووت قافی یان قاف. بۆ ئەوان قاف بەواتای چیا بەرزەکان ئەهات کە سەرەتای ئەم چیایە ئاوی ئاراز یان ڕووباری ئەرەخشەیە وا باسم کرد.

ڕاستە لە بەر ئەوەی خاتی یەکان لە بەری ڕووباری ئاراز واتە ناوچەکانی سەرووی دەریای وانێ لە باکووری کوردستان ئەژیان.

خاتی هەمان کولتوری الی خاسی یا الخشی یا ئەرەخشی یە کە ناوی ڕووباری ئارازە. ئەم خەڵکە لە نەبەتەری جەنابی خدر-الی خاس یان زی ئودخودرا(ئەرتوش، توشراتا، ئەرتەخشە، ئەردەشێر) الیاس کوڕی شاسوریجا(شوروپاک، شۆڕاوە) کوڕی گاوارە(گەوبارۆ، تەوریوەر، ئورارتو)ن وا دوای لافاوی گەورەی سێزدە هەزار ساڵ پێش ئێستا شارستانیەتیان دیسانەوە بنیات کردەوە.

خدرالیاس لە نەبەتەری پاشا کۆنەکانی سەنگوتی یا سەنکوتی بوون کە بەردتاش بوون و لە بواری ئاوەدان کردنەوەدا بەناویە بوون و بە نەخشەی گەردونی کە پێیان دەگوت پێوەری خانتا(کاندو، دوکان، خەندە، زەندە، شیدان، خیتان) واتە دو چوارگۆشەی ڕەش و سپی وا بەرەی شەگرەت(گەردەش، شەترەک، شەهرەگ، سەنگەرد) پێک ئەهێنن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان ئاوەدان کردەوە. ناوەڕاستی ئەم بەرە شارێکی بەناوبانگ بوو بە نێوی کور-دیلمون.

هەموو چیروکانە لە ئاسەوارە کۆنەکانی هەرێمەکەدا دۆزراونەتەوە بەڵام کەس پێی نەزانیون پەیوەندی ئەم دیاردە و نەخش و نووسراو و ناوانە چین. بەڵام ئەوە من خەریکم نەختە نەختە و بە گوێرەی بابەتەکان بە ئینگلیسی و کوردی و فارسی ئەم شتانە باس ئەکەم بۆ ئەوەی گوێی خەڵک بزرنگێنمەوە و ئامادەیان بکەم بۆ داهاتوو بۆ بیستنی ڕاستیە گەورەکان.

من ڕەچاوی ئەوە ئەکەم خەڵک نەترسن و خەڵک بە هۆی زانینی ڕاستیەکان کۆنە برینەکانیان نەکولێتەوە و نەکەونە گیانی یەکتر بە بیانووی ڕابردووی ناخۆش و ستەمکارانە.

من ئەم ئەرکانە ئەکێشم بۆ ئەوەی خەڵک چاویان بە ڕووی ڕاستیەکاندا بکرێتەوە و بەرۆکی یەکتر بەر دەن و شەڕ بە یەک نەفرۆشن و دەستبەرداری ستەم و بێدادی بن و وەک ئەوەی وا ئەرکی مرۆڤە لەم دنیادا ژیان بکەن و لە داهاتەکانی ئەم دنیا بێبەری نەبن و کەڵک وەر بگرن.

هەر وەک ووتم خاتی یەکان خۆیان بە دیاردەی ژیان ئەبەستەوە وا لە گیان مانای دەگرت. گیان ڕواڵەتی جووڵە یان ئەڕوان بوو و ئەڕوان لە شەگرەت یا گەردەش دا خۆی ئەنواند. هەر وەک ووتم گەردەش هەمان سووڕی سەنگەرد یا گەردەشە وا لە دوو چوارگۆشەی خەتان دا درووست ئەبوو. ئەم دوو چوارگۆشە ناوی سێبەر- دیارە (مژ-دیار، نیک- اردی، نیش- ارتو، میشی- دەرە) بوو و لە نەخشە دێرینەکاندا بە شێرێک وێنا دەکرا وا ناوی زەردوکە بوو. زەردووکە بریتی بوو لە شێرێکی بەردینەی زەرد. ئەم شێرە زەردە هێمای هەساری "زەردوکە"یە وا بە یۆنانی پێی ئەڵێن ڤینوس.

ڤینوس بە زمانی سەنگەردی کە زمانی شارستانیەتەکەی کوردیلمون بووە بە بووژین یا بوزین واتە نیشیوە(زوبین، نویسە، نمیزە، میشیاو، آوی ماسی، ئاوێزە، ئازێوە، ئابزو، بازو، بازە، باز، باسک) ناسراوە.

هەموو ئەو ناوانە مانای خۆیان هەیە و لە کاتێگۆری بووژین دا خۆیان دەگرنەوە. بۆ وێنە نمیزە بە واتای سەکۆی بەردینەی گۆری کردنی گای سپی بە دەستی مەردوخ دێ. یان ئازێوە هەمان کازێوەیە. باز باڵندەی تیژپەڕی پاسەوانی کانی ئاوی ژیان یان دوزینە. دوزین هەمان چاوە و کانیەکەشی کونی فرمێسکە. بازو واتە هێزی شمشێر داهێنان کە هەمان ئاسن ی نێو کانە بەردە.

زوبین واتە تیژایی ئاوی کانی دوزین کە بریتی یە لە تۆزانەوەی چاو واتە کانی ئاوی ژیان. ئەوەش هەمان هەڵچۆقینی ئاوی گەرمی ئەم کانییە و بە وێنەی ڕم نەخشێنراوە. زوبین هەمان نیشیبا یان قەڵەمە وا شتی پێئەنووسن.

بەڕاستی من نازانم پەروەردگار و ئیزەدانی ئانوماکی و باوک و باپیرانی تاجدار و زانای ئێمە چۆن بووە ئەم بڕیارانەیان داوە وا ئەم وشانە درووست بکرێن و چۆن هێمایان بۆ بکرێ و بکرێن بە وشەی سەر زاران و تێگەییشتن و زانیاری لێبکەوێتەوە و زانایی لێ بەرهەم بێت و لە زانابیدا زانست پەیدا ببێ.

سەرم سووڕ ماوە، سەرم سووڕ ماوە، سەرم سووڕ ماوە بەڵام ئەم سەرسووڕمانە گێژی نەکردووم.

من بەم زانستە کەمەوە سەبارەت بە زانستی هەبوون، خۆم ئەخەم بە سەر پێی ئیزەدان و لە بەر دەم پەروەردگاردا خۆم بە خاکدا دەدەم و سەر و ئەنی و لووت لە خاک دەخشێنم و خۆم بە بەندەی ئەو ئافرێنەرە ئەناسێنمەوە و سوپاسی دەکەم وا هێشتویەتی من سووچێک لە کارەکانی بخوێنمەوە.